# شەهید شەهاب ... خاڵەحەمە

ئەو گزنگەی
هەواڵی مەرگی تۆی هێنا
بەشاری ووت
هەر خۆی نەبوو
سێ هەڵۆ بوون
یەک لەدوای یەک
بەرەو ژووری سێدارەو مەرگ
پێدەکەنین..
بە جەللادو مەرگیان ئەووت
ئێمە ئەمڕۆ
ئەو دەرگایە ئەکەینەوە
چەندان ساڵە
بەرووی کوردا داخراوە
ئێمە ئەمڕۆ
ئەو ڕێگایەی بەستراوە
ئەیبەینەوە بەرماڵەکان
ئەو ئاگرەش ئەکەینەوە
لێی ئەترسان
ئەو سروودەش ئەڵێینەوە
ئێوەی دووژمن
ڕۆژێ دابێ
لەکوردستانمان دەربچن
لەکوردستانمان دەربچن.

ئەم شیعرە پێشکەشە بە گیانی بەرزە فڕی شەهیدان (شەهاب، جەعفەر، ئەنوەر) سالارانی کۆمەڵە ڕەنجدەرانی کوردستان، ، ئەم سێ هەڵۆ باڵ سەوزە ڕژێمی پاشایەتی گۆڕبەگۆری ئێران دەستگیری کردن، لە ڕۆژی 1976/1/1 بەباڵ بەستراوی و بەخەڵات دایانەوە دەست ڕژێمە خوێنخۆرەکەی بەغدای تاوان... لە ڕۆژی 1976/7/11 فەرمانی ناڕەوای لە سێدارەدنیان بۆ دەرکردن لە رۆژی 1976/7/21 لەسێدارەیاندان.. بەڵام هەوادارانی ئەم هەڵۆیانە هەر لەخەباتدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.. دروود لەگیانی بەرزەفڕیان..
خاڵەحەمە / دانمارک